یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی عێراق بە سەرۆکایەتی مەحموود مەشهدانی سەرۆکی نوێ بەڕێوەدەچێت

بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە سەرۆکایەتی مەحموود مەشهدانی کۆببێتەوە.

دانیشتنەکەی پەرلەمانی عێراق پێنج بڕگە لەخۆدەگرێت کە گرنگترینیان هەمواری یەکەمی یاسای بودجەی ساڵانی 2023، 2024، 2025ـە، کە هەمواری بڕگەی خەرجی، داهات و بڕی تێچووی بەرمیلێک نەوتی بەرهەمهێندراوی هەرێمی کوردستان لەخۆدەگرێت.

دانیشتنەکەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی نوێنەران بە سەرۆکایەتیی مەحموود مەشهەدانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنەکە دەبێت، ئەمەش دوای نزیکەی ساڵێک لە بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی پەرلەمانی عێراق لەلایەن سەرۆکێکی بە وەکالەتەوە دوای لەکارلابردنی سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی عێراق مەحەممەد حەلبووسی.